Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# بارودۆخی سیاسی ئێران لە سەردەمی دەوڵەتی ئەشکانیدا (٢٤٧پ.ز – ٢٢٤ز)

عماد عبدالقادر محمد[١] - یوسف عبدالرحمان محمدامین[٢]

[١+٢]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەشـــکانییەکان بە یەکێک لەو گەل و هێزە بەهێزانە دادەنرێن، کە لە ئێران ژیاون و توانیویانە دەوڵەتێک لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دێرین بنیاتبنێن لەنێوان ســـاڵانی (٢٤٧ پ.ز – ٢٢٤ز)، بۆچونی جیاواز هەیە دەربارەی ڕەچەڵەکی ڕاســـتەقینەی ئەشـــکانییەکان، بەڵام هەندێک لە توێژینەوەکان ئـاماژە بەوە دەدەن، کە ســـەر بە گەلانـی هینـدۆئەورووپین، هەرچەنـدە لە ســـەرەتـاکـانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەشـــکانیدا پەیوەندی نێوان ئەشکانی و ڕۆمەکان ئاسایی بوە، دوای بەهێزبونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەکـان ململانێکـان لەســـەر فراوانخوازی بە ئاراســـتەی ڕۆژهەلات ســـەریان هەڵداوە، جەنگە دور و درێژەکـانی نـاو دەوڵەتی ئەشـــکـانی، بەتـایبەت لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، وایانکرد ناوخۆی دەوڵەتی ئەشکانی پەرتەوازە بێت، لەبەرئەوە، جەنگ و ئاڵۆزییەکانی دەوڵەتی ئەشکانی بە گرنگترین هۆکاری ڕوخانی ئەو دەوڵەتە دادەنێت. لە سیستەمی سیاسی ئەشکانیدا، پاشاکان لە چینی ئەریســـتۆکراتی و دەوڵەمەند و ســـەرۆک هۆز و خـێڵەکـان پـێکـدەهـاتـن، لەڕوی ئـابـوریـیەوە، ئەشکانییەکان پێشکەوتو بون و خاوەنی ئابورییەکی بەهێزبون، دراوەکانی دەوڵەتی ئەشـــکانی بەڵگەی بەهێزن بۆ ســـەلمـانـدنی کلتور و فەرهەنـگ و شـارسـتانیەتی تەواوی شـاهەنشـایی پێنج سـەدەی ئێران. لەم توێژینەوەیەدا، باس لە کاریگەری سیاسی ئەشـــکانی لە ئێران و ڕۆژهەلاتی دێریندا دەکرێت، هەروەها توێژینەوەکە دابەشبوە بۆ دو باس: باسی یەکەم باس لە ناو و ڕەچەڵەکی ئەشـــکانییەکان و دیاریکردنی ســـنوری دەوڵەتەکەیان دەکات، باســـی دوەم باس لە کاریگەرییە ســـیاســـییەکانی ئێران لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا دەکات.

**کلیلە وشەکان:** ئێران، ئەشکانی، دەسەلاتی سیاسی، پاشا، شەڕ و هاوپەیمانی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

**Received:** 19-December-2021

**Accepted:** 07-February-2022

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

imadabid73@uor.edu.krd

usif.abdulrahman@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

سەرزەمینی ئێران هەر لە دێرزەمانەوە گۆڕەپانی پاوانخوازی و یەکلاکردنەوەی جەنگی نێوان داگیرکەرانی زلهێز و ئیمپڕاتۆریەتە بەهێزەکان بوە، هەر لە سەردەمی عیلامی و ئاشوری و میدییەکان و هەخامەنشی و مەقدۆنی و سلوقییەکان* و دواتریش ئەشکانییەکان بوەتە جێگای چەندین جەنگی بەردەوام لەسەر وەرگرتنی تەختی دەسەڵات. ئەشکانییەکان تەختی فەرمانڕەوایەتی ئێرانیان گرتە دەست، توانییان مێژویەکی چوار سەدە و نیوی تۆماربکەن لە فەرمانڕەوایی و سەروەرێتی خاکی ئێران. سنوری دەسەڵاتی ئەشکانییەکان لەبەهێزترین لوتکەی دەسەڵاتیاندا، لە ناوچەکانی باکوری ڕوباری فورات ناوەڕاستی بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا، درێژدەبویەوە تاکو ئەفغانستانی ئێستا و خۆرئاوای پاکستان. بە بەراورد بە ئیمپڕاتۆریەتەکانی پێش خۆی، ئەشکانییەکان خاوەنی سێ پایتەختی بەهێزی سیاسی بون و ماوەی فەرمانڕەوایەتییان لە زۆربەی ئیمپڕاتۆریەتەکانی تر زیاتری خایاندوە. چەندین پاشای بەهێز یەک لەدوای یەک تەختی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی ئەشکانییان گرتوەتە دەست و توانیویانە دەوڵەتەکە لەڕوی سیاسی و ئابوری و بازرگانییەوە بەرەوپێش ببەن.

**گرنگی توێژینەوەکە:** باسکردنە لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەوڵەتی ئەشکانی لە ماوەی ساڵانی (٢٤٧ پ.ز بۆ ٢٢٤ ز)، دەست خستنە سەر دیاریکردنی بواری سیاسی و سەربازی و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ئەشکانییدا ڕەنگی دابویەوە، هەروەها خوێندنەوەیەکیشە سەبارەت بە هەلومەرجە سیاسییەکان و سەرجەم ئەو ڕوداوگەلەی کە لە چوارچێوەی ململانێ ناوخۆیی و دەرەکی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەم دەوڵەتەدا ڕویانداوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لە نوسینی ئەم بابەتە تیشک خستنە سەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانە لە دەوڵەتی ئەشکانیدا، خوێندنەوەیەکی ورد و زانستیانەیە لەو بوارەدا، هەروەها خستنەڕوی زانیاری ورد و درشتە لە چوارچێوەی بابەتەکەدا.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:** کاریگەری و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە دەوڵەتی ئەشکانیدا چین؟ ڕۆڵی کەسایەتییە سیاسییەکان لە دەوڵەتی ئەشکانیدا چییە؟ کاریگەری ئاین و پیاوانی ئایینی لەم دەوڵەتەدا چییە؟ هۆکاری شەڕەکان و ئاڵوزی دۆخی ناوچەکە لەگەڵ نەیارەکانیان؟ ئامانجە سیاسی و سەربازییەکان؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژنەوەیەدا پشت بە میتۆدی شیکاری و گێڕانەوەی مێژویی بەستراوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لە چوارچێوەی بابەتی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە دو باس پێکهاتوە، باسی یەکەم: ناو و ڕەچەڵەکی ئەشکانییەکان کە تێیدا ناو و ڕەچەڵەک و سنوری دەسەڵاتی ئەشکانییەکان خراوەتەڕو، هەروەها لە باسی دوەمیشدا، گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە دەوڵەتی ئەشکانیدا خراوەتەڕو.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

## باسی یەکەم: ناو و ڕەچەڵەک و سنوری دەسەڵاتی ئەشکانییەکان:

لەڕوی ڕەچەڵەکەوە، ئەشکانییەکان لەو تیرە و هۆزە ئارییانە بون، کە لە دەوروبەری نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاین لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران نیشتەجێبون و سەرکەوتوبون لە سەپاندنی هێز و هەژمونی خۆیان لە هەرێمی خۆراسان (پیرنیا، اقبال آشتیانی: ١٣٩٢، ص٦٥-٦٦)، کاتێک ڕیزەکانی دەوڵەتی سلوقی کە لەو تیرە و هۆزە کۆچەریانە پێکهاتبون کە لەنێوان دەریای قەزوین و دەریای ئاراڵدا دەژیان و پێیان دەگوترا سەکاییەکان، لاوازی تێکەوت، بەتایبەت لەو کاتەدا کە ئیمپراتۆریەتی سلوقی سەرقاڵی جەنگ بو لەگەڵ میسر، ئەم ڕوداوانە وایانکرد هەندێ ناوچە پەیوەندی بە ناوەندی دەسەڵاتەوە نەمێنێت، لە دەوروبەری ساڵی (٢٥٠پ.ز)، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەشکانی، (ئەرشەک پاشا) ئەم بارودۆخەی قۆستەوە و وای لە سیاسییە ئەشکانییەکان کرد بەرەو هەرەمی دەسەڵات هەنگاو بنێن، (الهاشمی:١٩٨٣،ص٩٥) بە دیاریکراوی لە ساڵی (٢٤٧پ.ز)، ئەشکانییەکان بە سەرکردایەتی (ئەرشەک) لە هەرێمی فارس، لە شاری ئەشاک لە دژی سلوقییەکان یاخیبون و دەوڵەتی ئەشکانیان دامەزراند (دیاکونوف:١٣٥٠، ص٤٣).

بنەچەی ئەشکانییە سەرەتاییەکان تەواو نازانرێت، جلوبەرگ و دابونەریتەکانیان بەڵگەی ئەوەن کە سەر بە هۆزە هیندۆئەوروپیەکانن، (سلیمان و الفتیان: ١٩٧٨، ص٢٢٣). سەرچاوەکان ئەوە دەردەخەن کە لە بنەڕەتدا ئەشکانییەکان سەر بە هۆزی (فەرنی) یاخود (فارنی)، پارنی بون کە لە ناوچەکانی نێوان دەریای قەزوین و زنجیرە چیاکانی ئەلبورز نیشتەجێبون،(Strootman R:2018, p130). بەگشتی سەرچاوەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەشکانییەکان دەگەڕێنەوە سەر هۆزی داهایە، کە هۆزێکی کۆچەری بون و لە ناوچەکانی نێوان دەریای قەزوین و دەریای ئاراڵدا دەژیان، ناوبانگیان بە ئازایەتی و سوارچاکی دەرکردبو (باقر:٢٠١١، ص٥١٣).

سەبارەت بە ناو و زاراوەی ئەشکانی لە ناوی (ئەرشەک) یان (ئەشک)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی پارسەوە هاتوە، ئەشکانییەکان دەوڵەتێکی سیاسی و کلتوری ئێرانی بون لە سەردەمی ئێرانی کۆندا، بەر لە دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەشکانی، ئیمپراتۆریەتی سلوقی (٣٢١_٦٣پ.ز)، پێش ئەویش شانشینی هەخامەنشی (ئەخمینییەکان) (٥٥٩_٣٣٠پ.ز) فەرمانڕەوای ناوچەکانی ئێران بون (Maria: 2006، p84).

ئەشکانییەکان بە (پارسیەکان)یش دەناسرێن، ناوی پارسییەکان بۆ ئەو هەرێمە دەگەڕێتەوە کە لە ئێراندا داگیریان کردوە (العلان: ٢٠١١، ص١٥)، لە سەردەمی ئەخمینییەکاندا پێی گوتراوە هەرێمی پارساڤا، لە بنەڕەتدا پارسییەکان ئاماژە بە ئەشکانییەکان ناکات، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ ئەو گەلانەی لە کۆندا لەو ناوچەیەدا ژیاون، لەلایەکی ترەوە، ئەشکانییەکان بە (فورثییەکان)یش ناسراون، کە ناوی ئەو هەرێمە بوە لە ئێران تێیدا نیشتەجێبون (مشکور: ١٣٨٨، ص٦٠). زمانی فەرمی ئەشکانییەکان زاراوەیەکی فارسییە کە پێی دەوترێت (بەهلەویک) واتە (پەهلەوی ئەشکانی) (سەرفراز، فەیروزمەندی: ٢٠٠٩، ل٨٨-٩٠). بە ڕێنوسی ئارامی دەنوسرا کە لە شێوەدا دەچوەوە سەر زاراوەی (بارسیک) واتە (پەهلەوی ساسانی)، ئەشکانییەکان لەسەر پێست دەیاننوسی ( p11 Curtis)،.2008, Hooglund:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

سنوری دەسەڵاتی ئەشکانییەکان لە بەهێزترین لوتکەی دەسەڵاتیاندا، لە ناوچەکانی باکوری ڕوباری فورات ناوەڕاستی بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا، درێژدەبویەوە تاکو ئەفغانستانی ئێستا و خۆرئاوای پاکستان ( Alexandr: 2018, p3). ، پێگە جوگرافییەکەی دەوڵەتی ئەشکانی لەسەر ڕێگای بازرگانی ئاوریشمی لەنێوان ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەکان لە ناوچەکانی چواردەوری دەریای ناوەڕاست و دەوڵەتی هان لە وڵاتی چین، وەک ناوەندێکی بازرگانی و ئابوری هەڵکەوتبو (Maria: 2006, p84 ). کەواتە تەواوی خاکی ئێران، شارە گەورەکانی ئەفغانستان، بەشێکی فراوانی ناوچەکانی ڕوسیا و شارستانییەتەکانی ماری و بابل و ئاشور لە عێراق سنوری جوگرافی دەوڵەتی ئەشکانییان پێکدەهێنا (Nafisi: 2013, p945). بەشێوەیەکی گشتی ئەشکانییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بون کە ئێران بگەیەنن بە سنوری سروشتی خۆی، واتە ئەو سنورەی کە لەسەردەمی ئەخمینییەکاندا هەیبو، کە لە چیاکانی قەفقاس و گورگان و ڕوبارەکانی جەیحون سندەوە تا دەریای عەممان و کەناری فارس و ڕوبارەکانی دیجلە و فورات درێژدەبێتەوە (سەرفراز، فەیروزمەندی: ٢٠٠٩، ل٧٢).

چاوخشاندێکی خێرا بەسنوری دەسەڵاتی ئەشکانییەکان ئەوە دەردەخات، کە ئەشکانییەکان میراتگرێکی ڕاستەقینەی ئیمپراتۆرییەتەکانی پێش خۆیانن واتە ئاشوری و بابلی و ئەخمینی و سلوقییەکان، بەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆریەتی پێشوی هەخامەنشی کەوتە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی ئەشکانییەکانەوە، سەرەڕای ئەوەش، بە بەراورد بە ئیمپراتۆریەتەکانی پێش خۆی، ماوەی فەرمانڕەوایی ئەشکانییەکان لە هەردو ئیمپراتۆریەتی سلوقی و ئەخمینی زیاتری خایاندوە (بەهزادی: ٢٠١١، ل١٠٨-١٠٩).

دەوڵەتی ئەشکانی لەماوەی دەسەڵاتدارێتیدا خاوەنی سێ پایتەختی بەهێز بوە، یەکەمیان شاری (نسا)یە لە نزیک (عشق ئاباد) لە هەرێمی (پارت)، پایتەختی دوەمیان (شاری سەد دەروازە)یە کە یۆنانییەکان پێیان دەوت (هیکتام پلیس) کە کەوتبوە باشوری خۆرئاوای داموغان**، هەروەها پایتەختی سێیەمیان کەوتبوە کەناراوەکانی ڕوباری دیجلە بەرامبەر سلوقیەی شاری (تەیسەفون)، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەشکانییەکان بەدرێژایی ساڵ بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و وەرزەکانەوە لە شارە جیاجیاکاندا ژیانیان دەبردە سەر (سەرفراز، فەیروزمەندی: ٢٠٠٩، ل٧٣).

ئەشکانییەکان لەو گەل و هۆزانە بون کە دەشتەکی بون و ئارەزوی دەسەڵاتی لامەرکەزییان دەکرد، لەبەرئەوە، لە ماوەی سەدەی یەکەمی پێش زاین سەرکەوتوبون لە دورخستنەوەی باڵادەستی سلوقییەکان لە ئێران و کەوتنە پێشبڕکێ لەگەڵیاندا لە دەستبەسەرداگرتنی عێراقدا، لە ساڵی (١٣٩ پ.ز) ئەشکانییەکان سەرکەوتوبون لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیان و پایتەختی سلوقییەکانیان لە عێراق لە دەستی سلوقییەکان دەرهێنا، بەمەش دەسەڵات لە دەستی سلوقییەکانەوە گوازرایەوە بۆ ئەشکانییەکان ( الهاشمی: ١٩٨٣،ص ٩٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

## باسی دوەم: بارودۆخی سیاسی سەردەمی ئەشکانییەکان

### ١. سەردەمی ئەشکانییەکان

لە دەوروبەری ساڵی (٢٥٠ پ.ز)، بەرەبەرە دەسەڵاتی دەوڵەتی سلوقی بەرەو لاوازی ڕۆیشت، دو برا بە ناوەکانی (ئەرشەک) و (تیریداتس)، سەرکردایەتی شۆڕشێکیان کرد دژ بە سلوقییەکان و هەرێمێکیان لە ئێران داگیرکرد و والیەکەیان کوشت کە لەلایەن سلوقییەکانەوە دانرابو، (پیرنیا: ١٣٨٩،ص١٥٤) لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی پێش زاین، لەکاتێکدا سلوقییەکان سەرقاڵی شەڕکردن بون لەگەڵ میسر، ئەرشەک پاشا ئەم دەرفەتەی بەهەل زانی و گەل و هۆزی خۆی کۆکردەوە و ئەرشەک و براکەی هێرشیان کردە سەریان و سەرکەوتن بەسەریاندا، ئەمەش هەنگاوی یەکەمی پێکهێنانی دەوڵەتی ئەشکانی بو، ئەرشەک هەر لە هەمان ئەو ساڵەی کە بناغەی دەوڵەتی ئەشکانی دانا کوژرا (سلیمان و الفتیان:١٩٧٨، ص٢٢٣). ئەرشەکی یەکەم خاوەنی هێز و دەسەڵات و پێگەیەکی بەرز بو لەناو هۆز و تیرە و خێڵەکان، لەبەرئەوە، لەکاتی سەرکەوتنی بەسەر سلوقییەکاندا، زۆربەی پاشا و سەرۆک هۆزەکانی تر سەری کڕنوشیان بۆی دانەواند (طبري:٢٠١٠، ل٥١٣).

دوای مردنی یەکەم پاشای ئەشکانی (ئەرشاکی یەکەم)، براکەی (تریداتس)، بە هەمان ناوی براکەیەوە تریداتسی یەکەم (٢٤٨-٢١١ پ.ز) هاتە سەر تەختی دەسەڵات، سەرقاڵی جەنگ بو لە خۆرئاوا ( ئەمین بەگ: ٢٠٠٣، ل٢٦٥)، ماوەی (٢٧) ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، لەماوەی دەسەڵاتیدا تریداتس توانی سنوری دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەشکانی فراوان و بەهێز بکات و پایەتەختەکەی گواستەوە بۆ شاری (هیکاتۆمبیلۆس)ی یۆنانی کۆن، دەست بەسەردا گرتنی ڕێگای ئاوریشمی لەلایەن ئەشکانییەکانەوە، کاری کردە سەر پەیوەندی نێوان ئەشکانی و سلوقییەکان، دوای تەواوبونی ماوەی فەرمانڕەوایەتی تریداتس، ئارتبانی یەکەم (٢١١-١٩١ پ.ز)، هاتە سەر تەختی پاشایەتی بەڵام نەیتوانی ڕوبەڕوی سلوقییەکان ببێتەوە و بەناچاری ملکەچیان بو، لە ساڵی (١٩٥ پ.ز)دا، فریافاتوس (١٧٦_١٧١پ.ز)، جێگەی (ئارتبانی یەکەم) گرتەوە و ئێرانی لەدەست سلوقییەکان ڕزگارکرد، لەسەردەمی میترادانسی یەکەم (١٧١_-١٣٨ پ.ز)دا، لە ساڵی (١٤١ پ.ز) ئەشکانییەکان دەستیان گرت بەسەر تەواوی خاکی عێراقدا و خستیانە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، پایەتەختیان گواستەوە بۆ تەیسەفۆن (العلان: ٢٠١١، ص١٨-١٩).

میتریاداتسی دوەم نازناوی پاشای پاشاکان (ملک الملوک)ی پێبەخشراوە، ئەم نازناوە لەلایەن زۆرێک لە پاشاکانی ئەشکانییەکان بەکارهێنراوە و لەسەر دراوەکانیان و بەڵگەنامە فەرمییەکانیان نەخشێنراوە ( 2011, Rahim: p43). هەرچەندە لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەشکانیدا پەیوەندی نێوان ئەشکانی و ڕۆمەکان ئاسایی بوە، دوای بەهێزبونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەکان ململانێکان لەسەر فراوانخوازی بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات سەریانهەڵدا، ڕۆمەکان دەیانویست داگیرکاری بکەن لە سەرزەمینی دەوڵەتی ئەشکانیدا، لەلایەکی ترەوە، ئەشکانییەکان هەتاوەکو دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، بەردەوام لەگەڵ یۆنانییەکان لە جەنگدا بون (باقر:٢٠١١، ص٥١٧q). لەبەرئەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی خاوەنی پێگەیەکی جوگرافی کاریگەر بو، ڕۆمەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

ڕاستەوخۆ پێویستیان بە دەوڵەتی ئەشکانی هەبو لەڕوی بازرگانی ئاوریشمەوە، لەبەرئەوەی جگە لە خاکی دەوڵەتی ئەشکانی ڕۆمەکان لە هیچ ڕێگەیەکی ترەوە نەیان دەتوانی ئاوریشمی چینی هاوردە بکەن (اوليري:١٩٦٠، ص١٣٢).

## ٢. پەیوەندی ئەشکانییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تر:

میتریاداتسی دوەم (١٢٣-٨٨ پ.ز) یەکێکە لە گەورەترین پاشاکانی دەوڵەتی ئەشکانی، لەساڵی (١٢٣پ.ز) هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی، توانی گرژی و ئاڵۆزی سەردەمەکەی لە ئەشکانییەکان دوربخاتەوە، توانی پەیوەندی برایەتی لەنێوان ئیمپراتۆریەتی چین و دەوڵەتی ئەشکانیدا دروست بکات بە ئامانجی بەرەوپێش بردن و گێرانەوەی سەربەخۆیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دراو و وەرگرتنی باج و سەرانە و دەسکەوت، لە شارە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی ئەشکانی بریتیبون لە: بابل، ئەکباتانا، تەیسەفون، تاقی کیسرا، ئولغاشییە، حەزەر، هیکاتومبولس***، (مشكور: ١٣٨٨،ص٦٤-٦٥) لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم پاشایەدا، سنوری دەسەڵات و فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی ئەشکانی لە هیندستانەوە تا ئەرمینیا درێژەی کێشا (Pourshariati :2008, p20).

لەلایەکی ترەوە، سەرزەمینی ئەشکانییەکان ناوەندێکی بەهێزی بەدیهێنانی ئامانجە فراوانخوازی و سیاسیەکانی دەوڵەتی ڕۆم بو، بەتایبەت بۆ سەپاندنی هەژمونی سیاسی خۆی بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتدا، ڕۆمەکان ئاراستەی ململانێکانیان بەرەوە دەوڵەتی ئەشکانی گۆڕی، هیچ یەکێکێش لەو دو زلهێزانە، توانای زاڵبونی تەواوی بەسەر ئەوی تریاندا نەبو، لەبەرئەوە، ململانێ و گرژییەکانی نێوانیان بۆماوەی نزیکەی دو سەدە و نیو درێژەی کێشا، لەو ماوەیەدا، چەندین جەنگ ڕویاندا و چەندین پەیمانی ئاشتی بەسترا لەنێوان هەردولا، یەکەم ڕوبەڕونەوەی نێوان ئەشکانی و ڕۆمەکان ڕویدا کاتێک ڕۆمەکان لە ساڵی (٩٢ پ.ز) بە سەرکردایەتی سوللا بەرەو فورات هاتن بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەرمەنەکان، ئەشکانییەکان ویستیان نێوەندگیری لەنێوانیاندا بکەن، بەڵام ڕۆمەکان سوکایەتیان بە وەفدی ئەشکانی کرد، (سليمان و الفتيان: ١٩٧٨، ص٢٢٣) ئەمەش وای لە دەوڵەتی ئەشکانی کرد کە لەگەڵ هەر یەک لە پاشای ئەرمەن و پاشای دەریای ڕەش ڕێکبکەون دژ بە ڕۆمەکان و گورزێکی کوشندەیان لێدان و ناچار بە بەستنی پەیمانی ئاشتیان کردن، بە تێپەڕبونی کات ئەو پەیمانەش شکێنرا و ڕۆمەکان سەرکەوتن، ڕۆمەکان نەیاندەویست پاشای ئەشکانی لە ئاسیای بچوک دەسەڵاتی فراوان بکات (دیاکونوف و کوفالیف، ٢٠٠٦، ص٥٨-٥٩).

لە سەرەتای ساڵەکانی دەوروبەری (٥٣پ.ز)، ئامانجە فراوانخوازی و پاوانخوازییەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لەلایەن دەوڵەتی ئەشکانی بەربەستی گەورەیان بۆ دروست بو، لەنێوان ساڵانی (٥٤ پ.ز ـ ٢١٧ ز) گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان ئەشکانییەکان و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیدا سەری هەڵدا، تا لە سەردەمی پاشا (ئورود)ی ئەشکانی و لە ساڵی (٥٣ پ.ز) جەنگ لە نێوان کراسۆسی ڕۆمی و ئورودی دوەمدا، لە ناوچەی (حەران)، ئەم جەنگە ناسراوە بە جەنگی حەران (کالێج:٢٠١٠، ل٤٨-٥١ ؛ گریشمن: ١٣٨٩، ص٣٧٧)، ڕویدا و تیایدا ڕۆمەکان بەسەختی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

شكان و (كراسۆس) كوژرا، ئەم سەركەوتنەی ئەشكانییەكانیش دەگەڕێتەوە بۆ دو هۆكار: بەكارهێنانی چەك لەلایەن سوپای ئەشكانی و نەزانینی سوپای ڕۆم بە ناوچەی بیابانی مەیدانی جەنگ، شایانی باسە شەڕێكی تریش لە ساڵی (٣٧ پ.ز) لەنێوان ڕۆمەكان و ئەشكانییەكان ڕویدا، لەلایەكی ترەوە، سەردەمی ئەرتبانی سێیەم (١١-٤٠ز) بەسەردەمێكی سەركەوتو دادەنرێت لە دەوڵەتی ئەشكانیدا كە تیایدا دەوڵەتی ئەشكانی بو بە خاوەنی چەندین پێشكەوتن لەڕوی ئابوری و سیاسی و كارگێڕییەوە ( A ،D،1983 ,H.،)p57.

لە دەوروبەری ساڵی (١١٣ ز)دا، لە ڕۆژگاری ئیمپراتۆر تراجانی ڕۆمی (٩٨-١١٧ز)، ئاشتی كۆتایی پێهات، تراجان ناوچەكانی عێراقی هەڵبژارد و كردییە مەیدانی ناكۆكی و جەنگەكانی نێوان ئەشكانی و ڕۆمەكان، لەو ماوەیەدا تراجان دەستی كرد بە داگیركارییەكانی بە ئاراستەی خۆرهەڵات، توانی ڕاستەوخۆ شاری تەیسەفونی پایتەختی ئەشكانییەكان بەبێ بەرەنگاری بگرێت، كە بەنازناوی (بارتیكوس) واتە (بیرمەندی دەوڵەتی ئەشكانی) بەناوبانگ بو، دوای داگیركارییەكی زۆر و كە سەردەمی (هادریان)ی جێنشینیدا، دەوڵەتی ڕۆم ناچار بە پاشەكشە بۆ پشتەوەی فورات بكەن، (شریف: د، ت، ص٢٥٢).

لە سەردەمی بەلاشی چوارەم، لە ساڵی (١٦١ز) ڕۆمەكان شكان لە بەرامبەر سوپای ئەشكانی، بەڵام لە هێرشێكی پێچەوانەدا، لە ساڵی (١٦٥ز) لە ئەرمینیا ڕۆمەكان دوبارە سەركەوتنیان بەدەستهێنایەوە بەسەر ئەشكانییەكاندا لە ژێر فەرماندەیی ستاتیەس پریسكوس، كە ڕاوێژكار و بەرپرسێكی باڵای سیاسی ڕۆمەكان بوە لە نێوان ساڵانی (١٥٧_١٦٥ز) دا، لەو سەردەمەدا كۆتایی هات بە داگیركارییەكانی ڕۆم لە میزۆپۆتامیا، پاشای جێگرەوەشیان لە سەر تەختی پاشایەتی ئەرمینیا دانا، لە ساڵی (١٩٥ز)دا دوبارە میسۆپۆتامیا ڕوبەڕوی داگیركاری ڕۆمەكان بویەوە و هەردو شاری بابل و سیلوشە یان داگیركرد، لە ساڵی (١٩٧ز)دا شاری (تەیسەفون)یش داگیركرا، لەو ماوەیەدا ئەشكانییەكان زۆر لاوازبون، لەبەرامبەردا پاشای ئەرمینیا داوای لە ئیمپراتۆری ڕۆمان كرد كە شەرعییەت بدات بە دەسەڵاتەكەی، بەڵام تراجان ڕازی نەبو، بە یەكجاری دەسەڵاتی لێوەرگرت و ئەرمینیای كرد بە یەكێك لە ویلایەتەكانی دەوڵەتەكەی ( Schlude.M: 2017, p111.B.Rubin)..

ئەشكانییەكان لەماوەی دەسەڵاتیاندا ڕوبەڕوی چەندین جەنگی یەك لەدوای یەك بونەوە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیدا، لە ساڵی (١١٤ ز)، تریانوسی ئیمپراتۆری ڕۆمی جەنگێكی گەورەی لەدژی پاشا خەسرەو، كە بە پاشا ئەرشەكی بیست و چوارەمین ناسراوە بەرپاكرد، لەو جەنگەدا، لە ساڵی (١١٥ز)، ڕۆمییەكان گورزێكی كوشندەیان لە ئەشكانییەكان وەشاند و دەستیان گرت بەسەر ناوچەیەكی زۆری ژێر دەسەڵاتیاندا، بەجۆرێك لە چیاكانی ئەرمینیا و كەناراوەكانی ڕوباری دیجلەوە تا كەنداوی فارس پێشڕەوییان كرد و زۆربەی ناوچەكانی ژێردەستی ئەشكانییەكانیان خستە ژێر دەستی خۆیان، نزیكبو دەوڵەتی ئەشكانی بەتەواوی شكست بهێنێت، لە كۆتاییدا خەسرەوپاشا توانی هێزە پەرش و بڵاوەكانی یەك بخاتەوە و تاڕادەیەك ناوچەكە پاك بكاتەوە لە ڕۆمیەكان و بیانكاتە دەرەوە لە خاكی ئەشكانییەكان، دوای كۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم (ئەنتۆنیۆس) لەساڵی (١٦١ز) و هاتنی ئیمپراتۆر (ماركۆس ئۆرلیۆس)، ئەشكانییەكان جارێكی تر ویستیان ناوچەكانی ژێردەستیان


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

داگیربکەن، بەمەش توانیان ئەرمینیا و کلیکیا بگرن و پاشان بەرەو سوریا هەنگاویان نا، لەساڵی (١٦٣ز) دوبارە پێکدادانی ئەشکانی و ڕۆمەکان ڕویدایەوە، پایتەختی ئەشکانیان داگیرکرا و پاشاش دەستگیرکرا، لە ساڵی (١٦٤ز) دوبارە جەنگ لەنێوانیان بەرپابو، ڕۆمەکان سەرکەوتن و لە ساڵی (١٦٥ز) ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتیان مۆرکرد و ماوەیەک ئاشتی بەرقەراربو، دواتر لە ساڵی (١٩٥ز) جەنگ لەنێوان ڕۆمییەکان و ئەشکانییەکاندا ڕویدایەوە و بە سەرکەوتنی ڕۆمییەکان کۆتایی هات، بۆ ماوەی چەندین ساڵ بارودۆخ بەم شێوەیە مایەوە، جارجارە جەنگ لەنێوان هەردولا بەرپا دەبو و ڕێککەوتنی ئاشتی دەکرا، بەم جۆرە ئەشکانییەکان تا ساڵی (٢٢٤ز) لە دەسەڵاتدا مانەوە و کۆتا پاشایان ئەردەوانی پێنجەم بو (الأعظمي:٢٠٠١، ص ٣٨-٣٩).

لەساڵی (١٩٧ز) کاتێک ئیمپراتۆری ڕۆم (سیڤیروس) میزۆپۆتامیای داگیرکرد، لە سەردەمی بەلاشی پێنجەمدا (١٩١-٢٠٨ز)، دوبارە ڕۆمەکان گەڕانەوە دامێنەکانی فورات و شارەکانی سیلوسیا و تەیسەفۆنیان داگیرکرد، بەڵام لەساڵی (١٩٨ز) ئیمپراتۆر شکستی هێنا کاتێک تراجان جارێکی تر گەمارۆی هەترەی دایەوە و توانی بیگرێتەوە، دوای ماوەیەک لە هاتنەسەر تەختی بەلاشی شەشەم ڕاستەوخۆ براکەی (ئەردەوانی چوارەم) لەدژی ڕاپەڕی و دەسەڵاتی لەدەست دەرهێنا و دەستی گرت بەسەر زۆربەی ناوچەکانی دەوڵەتدا (Brosius 2006: p100).

## ٣. بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی ئەشکانی:

ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی، بەپێچەوانەی ئیمپراتۆریەتەکانی پێش خۆی، پەیڕەوی سیاسەتی ناوەندی یەک پارچەیی نەدەکرد، تەنانەت ئەو ناوچانەشی کە ڕاستەخۆ لەژێردەستی ئیمپراتۆردا بون تاڕادەیەک سەربەخۆ بون (بەهزادی: ٢٠١١، ل١٠٩)، سیستەمی سیاسی و کارگێڕی دەوڵەتی ئەشکانی خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی سەربەخۆ بو، سیستەمێکی جێگیر و چەسپاو نەبو، بەڵکو بەگوێرەی هۆز و ناوچەکان گۆڕانی بەسەردا دەهات، ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی دابەشکرابو بەسەر (١٨) هەرێمی سەربەخۆدا (ابو مغلي: ١٩٨٥، ص١٣٤)، هەر هەرێمێک لە ناوچەکانی سنوری دەسەڵاتی ئەشکانی خاوەنی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری سەربەخۆ بو، لەلایەن پاشایەکی دیاریکراوەوە بەڕێوە دەبرا، سەرجەم ویلایەت و هەرێمە سەربەخۆکانیش لەژێر دەسەڵاتی یەک پاشادا بون (الأعظمي:٢٠٠١، ص٣٦). لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێکخستنی حکومەت و شێوازی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێزی پشتبەستو بە سەرۆک خێڵ و هۆزەکان بو کە لە سەردەمانی پێش ئەشکانییەکاندا ڕێکخراوەیی هۆز و خێڵەکان و بونی دەسەڵاتی ناوەندی بونی نەبو (Dabrowa, E: 2012,p21-25).

لە سیستەمی سیاسی ئەشکانیدا، پاشاکان لە چینی ئەریستۆکراتی و دەوڵەمەند و سەرۆک هۆز و خێڵەکان پێکدەهاتن، ئەمەش تایبەتمەندییەک بو، کە لە شارستانییەتە کۆنەکانی ئێراندا بەدرێژایی مێژو بونی هەبو (کریستنسن:١٣٨٥،ص٨). جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان فەرمانڕەوایەتی ئەشکانییەکان و فەرمانڕەوایەتی بەشەکانی تری ئێران، ئەشکانییەکان لەکاتی تەنگژەکانیاندا پەنایان بۆ فارس و ماد نەبردوە بەڵکو پشتیان بەستوە بە نزیکەکانیان و عەشیرەتەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین، لەڕوی هەژمونی سیاسیشەوە، بەپێی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

سەرچاوە مێژووییەکان (هەژدە) دەوڵەت، سەر بە ئەشکانییەکان بون، ئەشکانییەکان لە ناوچەکانی عێراق و دەوروبەری سیستەمی کۆنی سیاسی سەردەمی سلوقییەکانیان پەیڕەودەکرد و بە دەسەڵاتێکی دەرەبەگایەتی ناسرابو، دەسەڵاتەکانیان دابەشکرد لەنێوان چەند میرنشینێکدا کە لە سەروی هەمویانەوە پاشایەک دانیشتوە، دادوەرانی حکومەت دەسەڵاتیان بەڕێوەدەبرد (بابو اسحق: ٢٠٠٦، ص٢٧)، پاشاکانی ئەشکانی، خاوەنی پێگەیەکی ئەوتۆ بون کە شانیان دەدا لە شانی پاشاکانی یۆنانی هێلینیستی، خاوەنی فەرمانڕەوای شاهەنشایی بون و چواردەوریان بە پارێزەر و هاونشینان تەنرابو، بنەماڵە و خزمایەتی زۆر بە گرنگ هەژماردەکرا بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی ( کالیج: ٢٠١٠، ل٧٥).

میکانیزمی هەڵبژاردنی پاشا و والی هەرێمەکان و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیان لە دەوڵەتی ئەشکانیدا لەلایەن دو دەستەی ڕاوێژکاری (شورا)وە بەڕێوەدەچو، دەستەی یەکەمی ڕاوێژکاری پێکدێت لە بنەماڵەی پاشاکانی ئەشکانی لەگەڵ نوێنەری شەش بنەماڵەکەی تری (ئەشراق) کە وەک ئەندام تێیدا بەشداربون ( : Pourshariati .2008, p25). دەستەی دوەمی ڕاوێژکاری پێکهاتبو لە پێشەوا ئاینییەکان، دەسەڵاتەکانی ئەم دەستەیە کەمتربو لە دەسەڵاتەکانی دەستەی یەکەم، لە دەرەوەی ئەم دو دەستەیە هیچ پاشا و بەرپرسێک دیاری نەدەکرا و مافی بەشداریکردنی یاسایی و وەرگرتنی دەسەڵاتی نەبو (سەرفراز، فەیروزمەندی:٢٠٠٩، ل٧٨).

لە پێکهاتنی پاشایەتی ئەشکانییەکاندا، میتریاداتسی یەکەم و دوەم ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان هەبو لە بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی سیستەمی سیاسی ئەشکانیدا، میتریاداتسی یەکەم ڕۆڵی کۆرش و میتریاداتسی دوەم ڕۆڵی داریوشی گێڕاوە، پاشای یەکەم پەرەی بە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی دا و سنورەکانی فراوانکرد، پاشای دوەم ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەتی بەهێزکرد، میتریاداتسی دوەم ئێرانی کرد بە زلهێزێکی جیهانی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی و چینی خۆرهەڵات بەهێز کرد و لەڕوی ئابورییەوە گەیاندی بە لوتکەی گەشەسەندن، (Magub Alexandra:2021, p118)، هەر ئەم هۆکارانەش وایانکرد، میتریاداتسی دوەم بە (شاهی شاهان) ناوبنرێت (گریشمن: ١٣٨٩، ص٣٧٥).

ئەشکانییەکان بەشێوەیەکی گشتی کاری سەرەکی ڕۆژانەیان بریتیبوە لە شەڕکردن و ڕاوکردن، هەمو دەرەبەگێک سوپای تایبەت بەخۆی هەبوە، سوپای ئەشکانی هێزێکی ڕێکخراوی دامەزراو نەبوە، بەڵکو هەر هۆزێک خاوەنی هێزێکی تایبەت بەخۆی بو، لەکاتی جەنگەکاندا لەگەڵ پاشا یەکیان دەگرت، بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەرگریکردن گونجاو بوە نەک هێرشبردن و لەبەردەم قەڵای دوژمندا دەستەوەستان بون، چونکە ئامێری قەڵاکوتیان نەبوە، لەنێو ڕیزەکانی سوپای ئەشکانیدا، سەرەڕای هێزی تایبەتی هەر دەرەبەگێک، هێزی پیادە و تیرهاوێژ و ئەسپسوار هەبوە و لە شەڕەکانیاندا سەرەڕای ئەسپ، وشتریشیان بەکارهێناوە :Debevoese) (1938, p44، هێزی سواری دو جۆر بو، جۆرێکیان تایبەتبو بە چەکی سوک کە تیرهاوێژ و کەوانداراەکانن، ئەوەی دیکەیان تایبەت بو بە چەکی قورس کە نێزە و شمشێریان هەبو ( فیزهوفر: ٢٠٠٩، ص١٨١-١٨٣).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

## ٤. کۆتایی دەوڵەتی ئەشکانی:

ئەردەوانی پێنجەم لە کاتێکدا هاتە سەر تەخت کە دەوڵەتی ئەشکانی لەوپەڕی لاوازیدا بو، سەرەڕای ناکۆکی و دوبەرەکی و یەکنەبونی ڕیزەکانی سوپا و هەرێمەکان، ناکۆکی قوڵ لە بنەماڵەی پاشاکاندا گەیشتە ئەوپەڕی، لە ساڵی (٢١٦ز)، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ئەو بارودۆخەی بە دەرفەت زانی و هێرشیان کردە سەر ئەشکانییەکان و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و بۆ جاری کۆتایی ڕێکەوتنی ئاشتی لەنێوانیاندا مۆرکرا، ڕۆمەکان بڕی (دو سەد لیۆن) دینار و چەندی دیاری دیکەی دا بە دەوڵەتی ئەشکانی، بەڵام مەترسی هێرشی دەرەکی بۆ سەر دەوڵەتی ئەشکانی کۆتایی نەهات (دیاکونوف و کوفالیف: ٢٠٠٦، ص١١٠-١١١).

لە ساڵی (٢٢٤ز) فارسەکان بە سەرکردایەتی ئەردەشێری ساسانی هێرشیان کردە سەر ئەشکانییەکان، دوای دو ساڵ لە جەنگ و ئاڵۆزی دواجار ئەردەشێر لە ساڵی (٢٢٦ز) سەرکەوتنی سەرتاسەری لە سەرانسەری ناوچەکانی ژێردەستی ئەشکانییەکاندا بەدەستهێنا و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی نوێی بەناوی دەوڵەتی ساسانی ڕاگەیاند، بەم شێوەیە ئەو دەوڵەتەی ئەرشەک پاشا دایمەزراندبو، دوای زیاتر لە چوار سەدەو نیو لە حوکمداری ناوچەکە، بەتەواوی کۆتایی پێهات لەسەر دەستی ساسانییەکان' (الأعظمي: ٢٠٠١، ص ٤٠-٤١).

جەنگە دور و درێژەکانی ناو دەوڵەتی ئەشکانی، بەتایبەت لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، وایان کرد ناوخۆی دەوڵەتی ئەشکانی پەرتەوازە بێت، لەبەرئەوە، جەنگ و ئاڵۆزییەکانی دەوڵەتی ئەشکانی بەگرنگترین هۆکاری ڕوخانی ئەو دەوڵەتە دادەنرێت، هەروەها سیستەمی سیاسی (فیدراڵی) ئەشکانی وایکرد بەرەبەرە پەیوەندی نێوان پاشای سەرەکی و فەرمانڕەوای ناوچە و هەرێمەکان تێکبچێت، هەتا گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە کۆتاییدا جەنگ لە دژی پاشای ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی بەرپاکرا و بە یەکجاری کۆتایی بە دەوڵەتی ئەشکانی هات (الأعظمي: ٢٠٠١، ص ٣٦).

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی کە:

١- ئەشکانییەکان سەربە هیندۆئەوروپییەکانن و دەگەڕێنەوە سەر هۆزی داهایە کە هۆزێکی کۆچەری بون و لە ناوچەکانی نێوان دەریای قەزوین و دەریای ئاڕاڵدا ژیاون، ناوبانگیان بە ئازایەتی و سوارچاکی دەرکردوە.

٢- ئەشکانییەکان خەونیان بەوەوە دەبینی کە ئێران بگەیەنن بە سنوری سەردەمی ئەخمینییەکان. لەبەرئەوە، سنوری دەسەڵاتیان لە بەهێزترین لوتکەی دەسەڵاتیاندا، لە ناوچەکانی باکوری ڕوباری فورات ناوەڕاستی بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا، درێژدەبویەوە تاکو ئەفغانستانی ئێستا و خۆرئاوای پاکستان.

٣- دەوڵەتی ئەشکانی لەماوەی دەسەڵاتدارێتیدا خاوەنی سێ پایەتەختی بەهێز بوە، یەکەمیان شاری (نسا)یە لە نزیک (عشق ئاباد) لە هەرێمی (پارت)، پایەتەختی دوەمیان (شاری سەد دەروازە)یە، هەروەها پایەتەختی سێیەمیان کەوتبوە کەناراوەکانی ڕوباری دیجلە بەرامبەر سلوقیەی شاری (تەیسەفون).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

٤- دوای بەرەبەرە لاوازبونی دەسەڵاتی دەوڵەتی سلوقی، دو برا بە ناوەکانی (ئەرشەک) و (تیریداتس) لە دەوروبەری ساڵی (٢٤٧ پ.ز)، سەرکردایەتی شۆڕشێکیان کرد دژ بە سلوقییەکان و ئەرشەک و براکەی سەرکەوتن بەسەریاندا.

٥- سەرزەمینی ئەشکانییەکان ناوەندێکی بەهێزی بەدیهێنانی ئامانجە فراوانخوازی و سیاسییەکانی دەوڵەتی ڕۆم بوە بەتایبەت بۆ سەپاندنی هەژمونی سیاسی خۆی بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتدا. بەم هۆیەوە، ئەشکانییەکان لەماوەی دەسەڵاتیاندا ڕوبەڕوی چەندین جەنگی یەک لەدوای یەک بونەوە لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمدا.

٦- کۆتا پاشای ئەشکانی، ئەردەوانی پێنجەم لە کاتێکدا هاتە سەر تەخت کە دەوڵەتی ئەشکانی لەوپەڕی لاوازیدا بو، ناکۆکی قوڵ لەدەوڵەتدا سەریهەڵدا، لە ساڵی (٢١٦ز) ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی ئەو بارودۆخەی بە دەرفەت زانی و هێرشیان کردە سەر ئەشکانییەکان و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

٧- لە ساڵی (٢٢٤ز) فارسەکان بەسەرکردایەتی ئەردەشێری ساسانی هێرشیان کردە سەر ئەشکانییەکان، دوای دو ساڵ لە جەنگ و ئاڵۆزی دواجار ئەردەشێر لە ساڵی (٢٢٤ز) سەرکەوتنی سەرتاسەری لە سەرانسەری ناوچەکانی ژێردەستی ئەشکانییەکاندا بەدەستهێنا و دامەزراندنی ئیمپڕاتۆریەتێکی نوێی بەناوی دەوڵەتی ساسانی ڕاگەیاند.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

# The Political Status of Iran During the Parthian Empire (247BC-224AD)

**Imad Abdulqadir Mohammed[1] - Yusuf Abdulrahman Mohammedamin[2]**

[1+2]Department of History, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The Parthians are one of the peoples and forces that lived in Iran and were able to form a state in the ancient East between the years (247 BC - 224 AD). Studies differed about their ethnic origin. However, some research indicated that they are Indo-European peoples. Though the Parthian-Roman relations were normal at the beginning, the Romans began stretching to the East. The interior and exterior tensions of the Parthian Empire, especially with the Romans, lead to the gradual destruction of the Parthians. Therefore, these tensions are counted as the main causes of the state's collapse. The Parthian kings were chosen from the Aristocracy. Economically, the Parthians were powerful. Their coins witness the Parthians' five-century sovereignty and cultural impact over the entire land of Iran. In this research, their political role in Iran and the ancient East was discussed. The research has been divided into two sections. The first section is devoted to the naming and ethnicity of the Parthians, and defining the borders of their state. As for the second section, the political developments in Iran during the Parthian era were discussed.

**Keywords:** Political Authority, The King, War and Peace.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

## پەراوێزەکان:

*سلوقییەکان: سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان لە سەرزەمینی فارس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٣١١پ.ز)، سەلوقسی یەکەم (٣١١-٢٨١ پ.ز) کە بە (نیکتۆر) ناسراوە دامەزرێنەری دەوڵەتەکەیە، شاری (بابل)ی کرد بە پایتەختی دەوڵەتەکەی، ناونانی دەوڵەتەکەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەلوقسی یەکەم واتە دامەزرێنەری دەوڵەتەکە، (بڕوانە: بیرنیا، حسن: المصدر السابق، ص١٧١؛ حلمي رسول رضا: بلاد النهرين في العصر الهيللنستي (٣٣١-١٢٦ ق.م)، رسالة لنيل درجة الدكتوراه في الآداب في التاريخ القديم اليوناني و الروماني، جامعة قاهرة، كلية الآداب، قسم التأريخ، (قاهرة: ٢٠١٥)، ص١٢٢).

**داموغان: ئەم شارە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ئێران، یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی فارس، لە شارە هەرە گرنگەکانی دەوڵەتی ئەشکانی بوە، کەوتوەتە سەر ڕێگای بازرگانی ئاوریشمی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، شارەکە بەناوبانگ بوە بە زۆری میوەی جۆراوجۆر و سەرچاوی ئاوی زۆر و ژینگەی لەباری کشتوکاڵی، (بڕوانە: مهدية فيصل صالح: العلاقات السياسية الساسانية – البيزنطية ٢٢٦-٦٢٨م، دار و مكتبة عدنان للطباعة والنشر والتوزيع، ط١، (بغداد: ٢٠١٧)، ص٥٣؛ ياقوت، عبدالله الحموي: معجم البلدان، دار صادر، (بيروت: ١٩٧٧)، ج٢، ص٤٣٣؛ كی لسترنج: بلدان الخلافة الشرقية، المكتبة الحيدرية، (اصفهان:٢٠٠٦)، ص٤٠٥).

***هیکاتومبولس: ئەو شارەیە کە ئەسکەندەری مەقدۆنی لەسەر ڕێگای کاروانە بازرگانییەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەسەر سنوری دەوڵەتی فارس دایمەزراندوە و بەمانای شاری (سەد دەروازە) دێت، (بڕوانە: بیرنیا، حسن: المصدر السابق، ص١٧٩).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

## سەرچاوەکان:

ئەمین بەگ، جەلالی: مێژووی کورد و هاوسێکانی، ب١. چ١. چاپخانەی شڤان، (سلێمانی، ٢٠٠٣).

بەهزادی، روقیە: ئاریایی و نائارياييەكان لەڕوانگەی كۆنی مێژوودا، و: فەرهاد خۆشناو، چ١. چاپخانەی ڕۆژهەلات، (هەولێر، ٢٠١١).

سەرفراز، عەلی ئەکبەر و فەیروزمەندی، بەهمەن: دێرینەناسی و هونەر لە سەردەمە مێژووییەکانی دەوڵەتی ئەشکانی و ساسانی، و: وریا قانیع، ب٢، چ١، چاپخانەی هێڤی (هەولێر: ٢٠٠٩).

طبري، محمد بن جرير: مێژووی تەبەری، و: زانەر محەمەد، چ١. چاپخانەی چوارچرا، (سلێمانی، ٢٠١٠).

کالێج، مالکۆم: ئەشکانییەکان (پارتەکان)، و: سەلاحەدین ئاشتی، بنکەی ژین، (سلێمانی: ٢٠١٠).

ابو مغلي، محمد وصفي،: ايران دراسة عامة، مطبعة جامعة البصرة، (البصرة: ١٩٨٥).

الأحمد، سامي سعيد و الهاشمي، رضا جواد: تاريخ الشرق الادنى القديم ايران و الأناضول، وزارة التعليم العالي والبعث العلمي، (بغداد: د. ت).

ارواد عدنان العلان: الدولة الإشكانية (الايرانية)، الحياة السياسية و الاجتماعية و الاقتصادية، دار مؤسسة رسلان للطباعة و النشر و التوزيع، (دمشق: ٢٠١١).

الأعظمي، علي ظريف: تاريخ الدول اليونانية و الفارسية في العراق، تقديم و تعليق: عزة رفعت، مكتبة الثقافة الدينية، (القاهرة: ٢٠٠١).

اوليري، دي لاسي: جزيرة العرب قبل البعثة، ت: موسى علي الغول، (عمان: ١٩٦٠).

بابو اسحق، رفائيل: تاريخ نصارى العراق، ط١. شركة قدمس للنشر والتوزيع، (بيروت: ٢٠٠٦).

باقر، طه: مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة: حضارة وادي النيل و بعض الحضارات القديمة – فارس الإغريق، الرومان، ج٢، بيت الوراق للطباعة و النشر و التوزيع، (بغداد: ٢٠١١).

بيرنيا، حسن: تاريخ ايران القديم منذ البداية حتى نهاية العهد الساساني، ت: محمد نورالدين عبدالمنعم و السباعي محمد السباعي، مكتبة النجلو المصرية، (القاهرة: د. ت).

حلمي رسول رضا: بلاد النهرين في العصر الهيللنستي (٣٣١-١٢٦ ق.م)، رسالة لنيل درجة الدكتوراه في الآداب في التاريخ القديم اليوناني و الروماني، جامعة قاهرة، كلية الآداب، قسم التأريخ، (قاهرة: ٢٠١٥

دياكونوف و كوفاليف: الحضارات القديمة، ت: نسيم واكيم البازجي، ط٢. دار علاء الدين، (دمشق: ٢٠٠٦).

سليمان، عامر و مالك الفتيان، احمد: محاضرات في التاريخ القديم، ط١. مكتبة الوطنية، (بغداد: ١٩٧٨).

شريف، ابراهيم: الموقع الجغرافي للعراق و اثره في تاريخه العام حتى الفتح الإسلامي، ج، ٢مطبعة شفيق (بغداد: د، ت).

فيزهوفر، يزف: فارس القديمة (٥٥٠ ق،م – ٦٥٠م)، ت: محمد جديد، قدس للنشر و التوزيع، (بيروت: ٢٠٠٩).

كرستنسن، أرثر: ايران في عهد الساسانيين، ت: يحيى الخشاب، راجعه عبد الوهاب عزام، دار النهضة للطباعة و النشر، (بيروت: ١٩٥٧).

كى لسترنج: بلدان الخلافة الشرقية، المكتبة الحيدرية، (اصفهان:٢٠٠٦).

الهاشمى، رضا جواد: الصراع العراقي الفارسي، دار الحرية للطباعة، (بغداد: ١٩٨٣).

مهدية فيصل صالح: العلاقات السياسية الساسانية - البيزنطية ٢٢٦-٦٢٨م، دار و مكتبة عدنان للطباعة والنشر والتوزيع، ط١، (بغداد: ٢٠١٧).

ياقوت، عبدالله الحموي: معجم البلدان، ج٢، دار صادر، (بيروت: ١٩٧٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23

دیاکونوف، میخائیل میخائیلوویچ: اشکانیان، ط: کریم کشاورز، چ۲. انتشارات پیام، (تهران: ۱۳۵۰).

گریشمن، رومان: ایران باستان؛ پیشا تاریخ، عیلامیان، هخامنشیان، سلوقیان، پارتیان، ساسانیان،ت: یعقوب آژند، سلسله‌های تاریخ ایران، چاپ دوم، انتشارات مولی، (تهران: ۱۳۸۹).

مشکور، محمد جواد: تاریخ ایران زمین، از روزگار باستان تا انقراض قاجاریه، چاپ هشتم، چاپخانه گونج شایگان، اتنتشارات اشراق، (تهران: ۱۳۸۸).

Dabrowa, E: The Arsacids ansd their State, [in:] Altertum und Gegenwart، 125, Jahre Alte Geschichte in Innsbruck, ed، R، Rollinger et al (Innsbruck, 2012).

E، Curtis، Glenn and Hooglund، Eric: Iran: a country study, 5th ed, U،S، Government Printing Office, (Washington: 2008).

Magub, Alexandra: Political and Religious Ideologies on Parthian Coins of the 2nd-1st Centuries BC، PhD thesis، SOAS University of (London, 2018).

Maria ،Brosius: The Persians: An Introduction, London and New York, (Routledge: 2006).

Nafisi ،Nadereh: The Parthian Mehran Family, Key to the Collapse of Sassanid Empire, Journal of Basic and Applied Scientific Research, TextRoad Publication, 3(3)944-951, (Abhar: 2013).

Parvaneh Pourshariati: Decline and Fall of the Sasanian Empire: The Sasanian–Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran, I،B،Tauris & Co Ltd, (London, 2008).

Pourshariati, Parvaneh: Decline and Fall of the Sasanian Empire: The Sasanian–Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran, I.B. Tauris & Co Ltd, (London: 2008).

Shayegan: Rahim: Arsacids and Sasanians: Political ideology in post-Hellenistic and late antique Persia, (Cambridge: 2011).

Strootman R: ‘The coming of the Parthians: Crisis and resilience in Seleukid Iran in the reign of Seleukos II’, in: K، Erickson ed،, The Seleukid Empire, 281–222 BC, War in Family Book: Layout (2018).



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper23**